# هەواڵەکانی کوردستان

## گیرانی کەسێك لە سەقز

هەواڵدەریی چاودێری مافەکانی مرۆڤی کوردستان ڕایگەیاند کەسێکی سەقزی بەناوی "هاوڕێ کەیخوسرەوی لەلایەن ئیدارەی (اجرای احکام) سەقزەوە گیراوە. ناوبراو لە ساڵی ١٣٨٤ بە تاوانی هاوکاری حیزب و ڕێکخراوەکانی نەیاری رژیم بە ٤ ساڵ زیندانی هەڵپەسێراوو بە تاوانی تێ پەڕین لە سنوور بە ٦مانگ زیندان مەحکوم کرابوو، کە پاش پەسند کردنی ئەو حوکمە لەلایەن دادگای پێداچوونەوەی ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاواوە لەلایەن ئیدارەی جێبەجێکردنی حوکم لە سەقز بانك کراوە.

***

## گیرانی چالاکێکی مەدەنی لە دێگولان

هەواڵدەری چاودێری مافەکانی مرۆڤی کوردستان رایگەیاند، هێزە ئەمنیتیەکانی رژیم رۆژی شەممە ١٩ی خەزەڵوەری ١٣٨٦ حەبیبوڵا تەهماسبی ٢٧ ساڵە، دانیشتوی دێهگولانیان گرتوە و بۆ شوێنێکی نادیار برێ کراوە.

ناوبراو لە ساڵەکانی ڕابردوودا چەندین جار بەندکراوە و چەندین پەروەندەی سیاسی ـ ئەمنیەتی بۆ ساز کراوە. حەبیبوڵا تەهماسبی لەلایەن بەشی ١ی دادگای سنە بە ٥ ساڵ زیندانی تەعزیری مەحکوم کراوە. شایانی باسە ناوبراو کە بارمتەیێکی ٣٠ ملوێن تمەنی لە دادگای ئینقلابی سنەدا داناوە لە ماوەی یەك ساڵی ڕابردوودا بە شێوەی نهێنی ژیانی بە سەر بردوە.

***

## ئوستادێکی زانکۆ لە بۆکان زۆر بۆ کچانی خویندکار دێنێ

بهزاد مورادی کە ئوستادی زانکۆی پەیامی نووری بۆکانە داوای لە کچانی خوێندکار کردوە لەگەڵی دا پێوەندی ناشەرعیان هەبێ، کە لەگەڵ نارەزایەتی توندی خوێندکاران بەرەوروو بووە، کچانی دانشجو داوایان لە دەسەڵاتداران کردوە لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکەن بەڵام بەرپرسانی رژیم هیچ هەنگاوێکیان هەڵ نەگرتووە. بەپێ ی ڕاپۆرتی گەیشتوو بهزاد مورادی خەلکی شاری سەقزە سەر بە ئیدارەی امور تربیتی رژیمەو لە لایەن دەسەلاتدارانەوە پشتیوانی لێ دە کرێ.

***

## چالاکێکی بزوتنەوەی مافی ئافرتان لە شاری سنە گیراوە

رۆژی یەك شەمەی ١٣ خەزەڵوەر هێزە ئەمنیەتیەکانی رژیمی ئاخوندی هێرشیان کردۆتە سەر مالی هانا عەبدی چالاکە بزوتنەوەی ئافرتان و لەگەڵ خۆیان بردوویانە. ماوەیێك پێشتر هێزەکانی رژیم روناك سەفازادە هەڵسوراوی رێگەی ئازادی و مافی ئافرتان کە دۆستی هانا عەبدیە گرتبوو.

***

## حوکمی زیندان بۆ مامۆستایێك لە شاری بانە دەرکرا

یەکێك لە مامۆستایانی شاری بانە بە ناوی محەمەد ئەحمەد نژاد بە پێی حوکمی دادگای رژیمی ئاخوندی ٤ ساڵ زیندانی بە سەردا سەپا. ناوبراو کە بە هاوکاری لەگەڵ هێزە نەیارەکانی رژیمی ئاخوندی تاوانبار کراوە، ساڵی ڕابردووش لەلایەن مەئمورانی ئەمنیەتی رژیمەوە گیراو پاش ماوەیێك بەدانانی وەسیقەی ٣٠ ملوێن تمەنی ئازاد کرا بوو.

***

## ئەگەری وشکبوونی گۆلی ورمێ

بەپێی سەرچاوە هەواڵییەکان، بە هۆی گرینگی نەدانی بەرپرسانی رژیمی ئاخوندی ئیحتمالی هەیە تا ٢٠ ساڵی تر وشك ببێ. بە پێی ئەو هەواڵە فەرۆخ مەجیدی جێگری بەرنامەدارشتنی ئوستانداری ئازەربایجانی رۆژهەلات لە کۆبوونەوەێك رایگەیاند: وشکبوونی گۆلی ورمێ کارەساتە و نیگەرانی خستووتە ناودڵی دانیشتووانی دەوروبەری ئەو گۆلە. ناوبراو گووتی: لەماوەی چەند ساڵی رابردوو ١٢٠ هەزار هیکتار لەرووبەری ئەو گۆلە بۆتە شۆرەکات. ناوبراو لەگەڵ رەخنە لە لێپرسراوانی ئورگانە پێوەندیدارەکانی رژیم ووتی: بریارە ٥٤ بەنداو تا ساڵی ١٤٠٠ لەسەر ئەو چۆمانەی کە درژێنە گۆلەکەوە دروست بکرێن کە ئەوەگۆلی ورمێ لەناو دەبات.

***

## پەلاماردانی مەئمورانی رژیم بۆ سەر زیندانیانی زیندانی ناوەندی شاری ورمێ

بە پێی ڕاپۆرتی هەڵسوراوانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی لە ئێران، لە چەند حەوتووی ڕابردوودا، چەندین هێرشی وەحشیانە کراوەتە سەر زیندانیانی سیاسی لە زیندانی ناوەندی شاری ورمێ، ئەم ڕاپۆرتە باس لەوە دەکا کە زیندانوانەکان بە باتۆم لەزیندانیانی سیاسیان داوە و بێ حورمەتیان پێکردوون کە بە هۆی ئەم کردەوە نامرۆڤانە، ژمارەیێك لە زیندانیان بە سەختی بریندار بوون. بەرپرسانی زیندان پاش لێدان و بێ حورمەتی پێکردن بە زیندانیەکان، ئەوانەی کە بریندار دەبن رەوانەی سلولی تاکە کەسی دەکەن.

***

## ئاگر دانی چەند شوێنێك لە ناوچەی مەریوان

ماوەیێکە هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیم لە درێژەی ئاگردانی دارستان و شاخەکانی کوردستان دا ئاگریان لە دارستانەکانی چیاکانی دەرەوەران، مێرگەدرێژ، بالێکەدەرێ و... لە ناوچەی مەریوان بەرداوە. ئاگرەکە ماوەی چەند رۆژە بلێسەی دێ و کەس ناتوانێ بۆ کوژاندنەوەی لیی نزیك ببێتەوە. بە وتەی خەڵکی ناوچەکە یەکێك لە بەرپرسانی هێزی ئینتزامی کە خاوەن پلەی سەرهەنگیە بڕیاری ئاگردانی ئەو شوێنەی داوە.

***

## گیرانی چەند کەس لە کوردستان لە لایەن هێزە ئەمنیەتیەکانی رژێم

چاودێرانی مافی مرۆڤ: ڕۆژی سێشەممەی حەووتوی ڕابردوو کاتژمێر ١١ی سەرلەبەیانی لە شاری سنە شاخەوانێکی کورد بە ناوی فەردینی مرادی لەلایەن هێزەکانی ئەمنیەتی ڕژێمەوە لە دوکانەکەی خۆیدا گیراو ڕەوانەی زیندان کرا. هەروەها لاوێکی سنەیی بەناوی شاهۆ کولیایی لە چەند ڕۆژی رابردوو دا گیراوە بۆ شوێنێکی نادیار گوازراوەتەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە یاسر گولی چالاکی خوێندکاری و ڕووناك سەفازادە چالاکی بزوتنەوەی ژنان گیراون کە تا ئێستا شوێنی گیرانی ئەم دوو زیندانیە دیار نیە.

***

## هێزە سەربازیەکانی رژیمی ئێران، جارێکی دیکە تۆپ بارانی ناوچەی سنووری پشدەریان کرد

رۆژی هەینی ١٨ی خەزەڵوەر، جارێکی دیکە هێزە بەکرێگیراوەکانی رژیمی ئاخوندی ئێران، سنووری هەرێمی کوردستان لە ناوچەی قەلادزێ و حاجی هومەران یان تۆپ باران کردوە و خەسارەتیان بە رەز و باخی خەڵك گیاند. تۆپ بارانی هێزەکانی رژیم لە کاتێکدایە کە لە چەند رۆژی ڕابردوودا لە شاری هەولێر و سلێمانی کونسولگەری رژیمی ئێران کرانەوە و دەسەڵاتدارانی رژیمی ئاخوندی باسیان لە هاوکاری کردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرد، بەڵام تۆپ باران کردنی ناوچە سنووریەکانی هەرێمی کوردستان ئەو راستیەی جارێکی دیکە ئاشکرا کرد کە رژیمی ئاخوندی دژمنی ئەزمونی هەرێمی کوردستانە.

## کۆبوونەوەی کۆمیتەی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لەگەڵ کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نورویژ



رۆژی یەکشەممە ٢٠٠٧/١١/١٨، شاندێکی کۆمیتەی نۆروێژی سازمانی خەبات لەگەڵ هەیئەتێکی کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە هاوکاری دوو لایەنە، لە شاری ئوسلۆ کۆبوونەوە. شاندی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران پێکهاتبوون لە بەرێزان: کاك عەبدوالله قادری، کاك محمود یوسفی و کاك عومەر کەریمی، هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێك هاتبوون لە خاتوو گەلاوێژ محمدیان، کاك سالح وەلیزادە و کاك سمکۆ ئیسماعیل زادە.

لەم کۆبوونەوەدا باس لە هاوکاری یەکتر لە نۆروێژ کراو هەروەها باس لە پێوەندیەکانی سازمانی خەبات و حیزبی دیموکرات هاتە ئاراوە. شاندی سازمان باسی پرنسیبە دیموکراتیەکان و بایەخ دان بە هاوکاری لایەنە کوردستانیەکان بە مەبەستی پێش خستنی دۆزی رەوای ئازادیخوازی کورد لە کوردستانی ئێرانی کرد. ئەم کۆبوونەوە سەعات ٣ی نیوەرۆ دەستی پێکرد و سەعات و نیوێکی خایاند.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی نۆروێژ
٢٠٠٧/١١/١٩

## نیگەرانی ئوروپا لە پێ شێل کردنی مافی مرۆڤ لە ئێران




رۆژی سێ شەممە ١ی خەزەڵوەر یەکێتی ئوروپا لە راگەیندراوێکدا نیگەرانی لە سەر سەرکوتی لە ڕادەبەدەری ئازادی ڕادەربرین و ئاستەنگەکان لە سەر رۆژنامەکان بە توندی دەربریوە و داوای ئازاد کردنی عیماد الدین باقی، رئیسی ئەنجومەنی دیفاع لە مافی زیندانیان لە ئێران و سێ دانشجوی زیندانی کراوی دانشگای ئەمیر کەبیری کردوە.

سەرۆکایەتی دەورەیی یەکێتی ئوروپا، کە ئێستا بە دەست وەڵاتی پرتقاڵەوەیە لە راگەیێندراوەکەیدا بە ئاماژە بە کۆسپەکان لە ڕادەبەدەری ماف و ئازادیەکان لە ئێراندا نووسیویە. یەکێتی ئوروپا داخستنی رۆژنامەکان، ویبلاگ نووسەکان و هەڵسوڕاوانی مافی مرۆڤ کە بۆ وەدەست هێنانی مافەکانیان تێ دەکۆشن مەحکوم دەکا.

سەرۆکایەتی دەورەیی یەکێتی ئوروپا لە بەشێکی دیکە لە راگەیندراوەکەیدا داوای ئازادی بە پەلەی عیماد الدین باقی، ئیحسان مەنسوری، ئەحمەد قەسابیان و مەجید تەوەکولی سێ دانشجوی زیندانی کراوی دانشگای ئەمیرکەبیر بوون.

ئەو راگەیندراوە کە لەلایەن رئیسی دەورەیی یەکێتی ئوروپا بە نوێنەرایەتی بیست و حەوت وەڵاتی ئەندامی ئەو یەکێتیە، دەرکراوە و لەلایەن وەڵاتانی غەیرە ئەندامی وەك نورویژ، ئیسلەند، ئوکراین، مۆلداوی و کۆمارەکانی یوگسلاوی ڕابردوو پشتیوانی لێ کراوە.

***

## ڕێپێوانی کوردانی دانشتووی سوئید لە دژی هەرەشەی تورکیە بۆسەر هەرێمی کوردستان

رۆژی یەك شەمە ٦ی خەزەڵوەری ژمارەیێکی بەر چاو لە کوردانی دانیشتووی وەڵاتی سوئید بە مەبەستی نارەزایەتی دەربرین دژبە هەرەشە و هێرشی تورکیە رێپێوانێکی هێمنانەیان وەرێ خست و هەرەشەکانی تورکیەیان بۆ سەر گەلی کورد و هەرێمی کوردستان مەحکوم کرد. کوردانی نارازی لەگەل پشتیوانی کردنیان لە گەلی کورد و کوردستانی عێراق حکومەتی هەرێمی کوردستان، خوازیاری پشتگیری کومەڵگەی نێو دەولەتی لە گەلی کورد وهەرێمی کوردستان بوون. پێویستە ئاماژە بکەین کە ژمارەیێك لە ئە ندامانی کومیتەی سوئیدی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لەو ورێپێوانەدا بەشداریان کرد.

## سەقز: خەڵکی ئایچی رووبەرووی هێزەکانی رژیم دەبنەوە.

رۆژی دوو شەممە ٢١ی خەزەڵوەر هێزە ئینتزامیەکانی رژیم بۆ دەست گرتن بەسەر بەنزین و سوتەمەنی کاسبکاران دەچنە دی ئایچی و فشار بۆ خەڵك دێنن. خەڵکی قارەکانی دێی ئایچی لێ یان رادەپەرن و بەدارو بەرد رووبەرووی هێزەکانی رژیم دەبنەوە. هێزەکانی رژیم توانای خۆراگریان لە بەرانبەر خەڵکدا نابێ و بەپەلە خۆدەرباز دەکەن. لە ئاکامی هەڵاتنی هێزەکانی رژیم و پەلەکردنیان بۆ دەرباز بوون لە دەست خەڵکی ئایچی ماشێنێکی هێزەکانی رژیم وەردەگەرێ و دووکەس لە بەکرێگیراوان دەکوژرێن.

## ڕێپێوانی کوردانی دانشتووی نروژ لە دژی هەرەشەی تورکیە بۆسەر هەرێمی کوردستان




رێ پێوانی هێمنانەی کوردستانیەکان لە نورویژ لە دژی هەڕەشە و هێرشی ئەرتەشی تورکیە

رۆژی چوارشەممە ١٦ی خەزەڵوەر هەزاران کوردی دانیشتووی نورویژ لە شاری ئوسلۆ رێ پێوانێکی هێمنانەیان لە ئیستگەی قەتاری ئەو شارەوە، بۆ بەردەم وەزارەتی دەرەوەی نورویژ و کونسولگەری ئەمریکا دەست پێ کرد.

کوردستانیەکان لە رێ پێوانەکەیاندا نارەزایەتی خۆیان لە هەڕەشەکانی تورکیە بەرانبەر هەرێمی کوردستان دەربڕی و لە ئاکامدا بە بەیاننامەی نارەزایەتیان دایە وەزارەتی دەرەوەی نورویژ و کونسولگەری ئەمریکا.

لەو رێ پێوانە بەرینەدا، ئەندامانی سازمانی خەبات لە کۆمیتەی نورویژ بەشداری چالاکانەیان هەبوو.

## ئەو دەرمانەی لە ئێرانەوە دەنێردرێتە هەرێمی کوردستان ویرووسی ئیدزی تێدایە

سەرۆکی تەندروستی سلێمانی ئاشکرای کرد کە دەرزیە ئانسولینە ئێرانیەکان بۆ نەخۆشی (مەرەزی) قەند بەکاردەهێندرێ بۆ هەرێمی کوردستان نێردراون ویرووسی ئیدزیان تێکەڵ کراوە. بەرێوەبەرایەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان لە ئاگادارییك بە ژمارەی ١١١١٥ و لە تاریخی ٢٠٠٧/٧/٦ ئاشکرای کرد دەرزی ئانسولینی ئێرانی کە دەرمانخانەکانی هەرێمی کوردستان ویرووس نەخۆشی مەترسیداری ئیدزیان تێکەڵ کراوە کەڵك لەو دەرزیە ئێرانیانە وەرنەگرن. دوکتور هەردی زاهیر عوسمان، بەرپرسی گشتی دەرمانخانەکانی تەندروستی سلیمانی لە ووت و وێژێکدا لەگەڵ رادیوی نەوادا رایگەیاند تێکەڵ بوونی ئەو دەرمانە بە ویرووسی ئیدز لەلایەن وەزارەتی تەندروستی عێراقەوە زاندراوە. دکتور هەردی عوسمان ئەوەشی ئاشکرا کرد پێشتر ئەو دەرمانە بۆ وولاتی میسر نێردراون بەمەبەستی لێکۆلینەوە کە لە تاقیکردنەوەکانی میسریش دەرکەوتوە ئەو دەرزیانە بە ویرووسی ئیدز ئالودە کراون.